# جەلال تالەبانی گەلی کورد بۆ کام بەرە بانگەواز ئەکات ؟

جلال تالەبانی ، سکرتێری یەکێتی نیشتمانی ی کوردستان ، لە گفتوگۆیەکدا لەگەڵ ڕۆژنامەی (الشرق الاوسط) کە لە لەندەن بە زمانی عەرەبی دەردەچێ ولە ژمارەی ڕۆژی ١٨ _ ٨ _ ٢٠٠٢ کە دواتر ڕۆژی ٢٩ _ ٨ لە سایتی یەکێتی نیشتمانی خۆشیاندا بلاوبۆتەوە ، تازەترین هەڵوێستی سیاسی خۆیانی دەربڕیوە سەبارەت بە سیاسەتی ئەمریکا دەربارەی عێراق و ڕژێمی دەسەلاتدار و داهاتووی عێراق و مەسەلەی کورد .

www.kurdistannet.org 9-9-2002

قسەکانی جەلال تالەبانی زۆر لایەنی گرتۆتەوە و پەلی هاویشتووە بۆ زۆر مەسەلەی سیاسی حەساس کە سەرنج و لێکدانەوە هەڵئەگرن بەلام من لێرەدا تەنها لەسەر چەند لایەنی قسە و هەڵوێستەکانی سکرتێری گشتی ی یەکێتی قسە ئەکەم .لای کەس شاراوە نیە کە چارەنووسی سیاسی ئێستای عێراق تا ڕادەیەکی زۆر بەرهەمی ململانێ ی ئەمریکی _ عێراقیە ، ململانێیەک کە سەرەتاکانی تەنانەت ئەگەڕێتەوە بۆ سالانی پێش داگیرکردنی کوەیتیش لەلایەن ڕژێمی عێراقەوە .

ئەو ململانێیەی نێوان ئەمریکا و عێراق کاریگەری زۆی لەسەر هەموو سووچێکی ژیانی سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتی کوردستانی عێراقیشدا داناوە . ڕاپەڕین و سەرکەوتنی و پاشان تێشکانی ، ئاوارەیی ملیۆنی گەلی کورد ، گفتوگۆی بەرەی کوردستانی سالانی ٩١ _ ٩٢ و یەک بەیەکی زنجیرەی ئالوگۆڕە سیاسیەکانی تری کوردستانی عێراق ، هەموویان کەم تا زۆر کەوتنە ژێر کاریگەری ئەو ململانێیە و ئاکامەکانیەوە . دیارە هاوکێشەی نێوان عێراق و ئەمریکا لە ١٠ سالی ڕابووردوودا ، هەڵبەز و دابەزی زۆری بە خۆوە دیوە و پێ بە پێ ی ئەوەش ، ئالوگۆڕ بەسەر جێ و شوێن و سیاسەت و هەڵوێستەکانی یەکێتی نیشتمانی دا هاتووە .

لەسەروو بەندی ڕاپەڕیندا یەکێتی وەکوو یەکێک لە هێزە سەرەکیەکانی بەرەی کوردستانی پێ ێ دائەگرت لەسەر ( پێویستی ڕووخانی ڕژێم ) و ( بەرپاکردنی حکوومەتێکی فرە حیزبی ) . دوای تێشکانی ڕاپەڕین ئالوگۆڕ بەسەر ئەو هەڵوێستەیدا هات و سکرتێری یەکێتی خۆی سەرکردایەتی یەکەمین وەفدی بەرەی کوردستانی کرد کە لە گەرمەی ئاوارەیی خەلکی کوردستاندا خۆیان گەیاندە بەغدا . پاشان و دوای فشلی زنجیرە گفتوگۆ ماراسۆنیەکانی یەکێتی و بەرە لەگەڵ ڕژێمدا ، وەچەرخانێکی نوێ بەلای ئەمریکادا دەستی پێکردوە و هەموو خەلکی کوردستان لەبیریانە کە دوای جولەکەی بۆ ئەمریکا و ئەورووپا جەلال تالەبانی لە ووتارەکەی سالی ١٩٩٢ لە یاریگای سلێمانی بە چ بەلێنێکەوە هاتەوە . بەهەرحال دواتر هەلبژاردنی پەرلەمان و دامەزراندنی حکوومەتی هەرێم و ئینجا شەڕی یەکێتی و پارتی و یەکێتی و ئیسلامی و هاوکێشە سیاسیە تازە ناوخۆییەکانی نێوان یەکێتی و پارتی و نزیکایەتی لە هەردوو میحوەری تورکیا و ئێران و پاشان ٣١ ی ئاب و جۆری هەڵوێستە ناوخۆیی و ناوچەییەکان و هەڵوێست و کاردانەوەی ئەمریکا و .... تا ڕێکەوتنی واشنتن و ئینجا ئەزمەی ئەو ڕێکەوتنە و پاشانیشن قۆناغی دوای ١١ ی سەبتەمبەری بەدوادا هات کە ئەمیان سەرلەنوێ عێراقی کردوە بە یەکێک لە مەیدانە سەرەکیەکانی تووندکردنەوەی سیاسەتی دەرەکی ئەمریکا .

ئەوەی لە هەموو ئەو قۆناغەی ١٠ ساڵی ڕابووردووی ئاڵوگۆڕەکانی کوردستاندا سەرنج ڕاکێشە ئەوەیە کە یەکێتی هیچ کات نەک ناوەڕۆکی سیاسەت و مەرامەکانی ئەمریکای دەرهەق بە عێراق و داهاتووی کوردستان بۆ خەڵک دەرنەبڕیوە بگرە زۆریش چاوبەستێ ی لێکردوون و دوا نموونەش ئەم گفتوگۆیەیە کە باسی ئەکەین . لێرەدا قسە لەسەر لێکدانەوەی ئایدیۆلۆجی نیە سەبارەت بە ناوەڕۆکی سیاسەتی ئەمریکا و هەڵوێست و مەرامەکانی وەکوو تەنها زلهێزی سەرمایەداری دنیا و ئەوە بەجێ ی خۆی ، بەڵکوو پێوەری هەڵسەنگاندنی ئەو سیاسەتانە بەرانبەر بە گەلی کورد ٢ شتن . یەکەمیان : ڕابووردووی ئەمریکا لە بواری مەسەلەی کورد لە عێراقدا و دووەمیشیان : هەڵوێستە ڕەسمی و عملیەکانی ئەمرۆی ئەمریکا خۆی .

www.kurdistannet.org 9-9-200

گەر لە ئێستگا زەقەکانی سیاسەتی ئەمریکا بەرانبەر مەسەلەی کورد لە قۆناغە دوورەکاندا چاو بپۆشین وەکوو پشتیوانی سەرسەختی لە ڕژێمی شای ئێران و دوژمنایەتی ئەو ڕژێمە لەگەڵ گەلی کورد لە ئێراندا ، گەر چاوبپۆشین لە هاوکاری و پشتیوانی سیاسی و سەربازی و مالی ئەمریکا لە ڕژێمی کامالیستی تورکیا و قەسابخانەکانی دەرهەق بەگەلی کورد ، گەر لەوە گەڕێین کە ئەمریکا چۆن لە ١٩٧٤ دا سەرکردایەتی پارتی و مەلا مستەفای کرد بە نۆکەری ساواک و مۆساد و سیا و دواتر دەستێکی تەڕی پیاهێنان و تەنانەت گەر گوێ ی خۆشمان کەڕبکەین لە ئاستی ڕاگەیاندنەکانی کۆنگرێسی ئەمریکا لە کاتی کیمیابارانی کوردستان کە بەئاشکرا و ڕەسمی ووتیان کە هیچ نیشانەیەکی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لەلایەن عێراقەوە بەرچاو ناکەوێ یا بێدەنگی موتلەقیان سەبارەت بە تاوانی ئەنفالەکان ئەڵێم گەر ئەوانە هەمووی بخەینە ئەولاوە و تەنیا ١٠ ساڵی ڕابووردووی ( خەمخۆر ) ی ئەمریکا بۆ گەلی کورد و ئەویش تەنیا لە کوردستانی عێراقدا بکەین بە نموونە ، زۆر بە ئاشکرا ئەوەمان بۆ ڕوون ئەبێتەوە کە ئەوەی جەلال تاڵەبانی لە ( الشرق الاوسط ) ئەڵێ ( ئەمریکا ڕزگاری کەری کورد بووە ) ، ڕێک پێچەوانەی ڕاستیە هاشاهەڵنەگرەکانە .

سکرتێری یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە وەڵامی یەکەمین پرسیاری ( محمد صادق ) پەیامنێری ڕۆژنامەی ناوبراو لە واشنتن سەبارەت بەوەی کە بۆچی لە کەناڵی ئاسمانی عەرەبی ( الجزيره ) ئەو قسانەت ڕەتکردوەوە کە لە ( CNN ) ووتبووت سەبارەت بە ( ئامادەبوونتان بۆ خستنەبەردەستی پایگا و دامەزراوە سەربازیەکانی ئەو ناوچەیەی لە ژێر دەسەلاتتاندایە بە هێزەکانی ئەمریکا لە کاتی هێرشیان بۆ سەر عێراق ) دەڵێ : ( من ئەو قسەیەم ڕەت نەکردۆتەوە ) واتە ئەوە ڕەت ناکاتەوە کە ئەو ئامادەی ئەو کارەیە و پێ لەسەر هەمان هەڵوێست دائەگرێ .
دیارە سکرتێری یەکێتی نیشتمانی ئەو هەڵوێستەی خۆی لە جیاتی هەموو گەلی کورد دەرئەبڕێ و ئەڵێ : ( ئەمریکا ساڵی ١٩٩١ کوردیان ڕزگارکرد لە ماڵوێرانی و ئاوارەیی بە کۆمەڵ ) پاشان ئەڵێ : ( گەلی کورد وەکوو ڕزگاری کەر سەیری ئەمریکا ئەکەن ) .
بە دوور لە هەر لێکدانەوەیەکی ئایدیۆلۆجی یا عاتیفی با بزانین ئەو دەورە ڕزگاری کەرەی کە ئەمریکا دەرهەق بە گەلی کورد لە کوردستانی عێراقدا گێراویەتی چۆن بووە ؟ ئەمریکا هیچ کات نەیشاردۆتەوە کە لە عێراقدا بەشوێنی چی یەوەیە کە بە کورتی ئاوا دەری بڕیوە :

ڕژێمێک کە پەیڕەوی لە سیاسەت و نەقشەکانی ئەمریکا بکات لە ناوچەکەدا ، تەبایی لەگەڵ ئیسرائیلدا هەبێ و پشتگیری ئەو پرۆژانە بکات کە ئەمریکا بۆ چارەسەری مەسەلەی فەلەستین ئەیانخاتەڕوو ، چەکی کۆمەڵکوژی دوورهاوێژ بەرهەم نەهێنێ کە هەڕەشە لەو سیستەمە دڵخوازە

بکات کە ئەمریکا ئەیەوێ لەناوچەکەدا دایبمەزرێنێ ( نەک چەکی نزیک هاوێژ و دام و دەزگای سەرکوتی ناوخۆیی تا سەردان چەکدار ! ) ، پەیوەندی لەگەڵ نەیارانی سیاسەتی ئەمریکادا نەبێ و هاوکاریان نەکات ، دان بنێت بە سنوور و سیادەی کوەیت دا ، دەسدرێژی نەکاتە سەر وولاتانی دراوسێ ی ( دیارە مەبەستی ئەمریکا ئەو وولاتانەیە کە لە تەوەری خۆیدا ئەسووڕێنەوە ئەگینا هەر ئەمریکا خۆی بوو کە چەک و پارە و معلووماتی ئەدا بە عێراق لە شەڕ لەگەڵ ئێراندا ) ، جبەخانەی چەک و بەتایبەتی ڕۆکێتە دوورهاوێژەکان و چەکە کیمیاوی و بایۆلۆجیەکانی تەفرووتوونا بکات ، دەست بۆ درووستکردن و تاقیکردنەوەی بۆمبی ئەتۆمی نەبات و ...... هتد .

www.kurdistannet.org 9-9-200

ئەوانەی سەرەوە ناوەرۆکی داخوازیەکانی ئەمریکابوون لە ڕژێمی عێراق کە لە بریارەکانی نەتەوە یەککرتووەکانیشدا ڕەنگیان داوەتەوە . دیارە ئەمریکا لە قۆناغی هەشتاکاندا هاوکاری ڕژێمی عێراقی ئەکرد لە ڕێ ی دانی چەک و ئیمتیازات و ئیئتیماناتی مالی پێ ی بەلاٌم لە دوای شەڕی دەرکردنی هێزەکانی عێراق لە کوەیت لە ڕێ ی سیاسەتی ( ئیحتیوا ) وە هەوڵی سەپاندنی ئەو مەرجانەی ئەدا بەسەر ڕژێمدا و لە ١١ ی سەبتەمبەرەوە ئەو سیاسەتە لە سایەی ئیدارەی جمهووریەکان لە ئەمریکادا گوراوە بە هەوڵی رووخاندنی ڕژێم و هێنانەسەرکاری ڕژێمێک کە ئەو ئامانجانە دابین بکات .

لێرەدا بە پێویستی نازانم بچمە سەر ئامانجە دوورترەکانی ئەمریکا بە تایبەتی لە رووی ئابووری و ستراتیجی و سەربازیەوە و تەنها ئەوە بە کافی ئەزانم و هیچ یەک لەوانەش کە باسم کردن شتێک نین کە من هەڵم هێنجابن بەڵکوو ئەمریکا خۆی بەرەسمی دایرشتوون و پرسیار لە سادەترین لێپرسراوی ئەو وولاتە تا بەرزترینیان بکرێ لەو بارەوە هەمان شت دووبارەئەکەنەوە.

دیاریشە ئەو ئامانجانە و بەتایبەتیش ئەو مەبەستانەی کە لە پشتیانەوە وەستاون ڕەنگدانەوەی پێویستی سیاسەت و بەرژەوەندی پاوانخوازانەی ئەمریکان . هەر ئەوەتا جەلال تالەبانی خۆی قسەی ئیدارەی ئەمریکی باس ئەکا کە لە وەلاٌمی پرسیاری ئەماندا سەبارەت بە گوێ نەدانیان بە بریاری ٦٨٨ ، کە بە حساب بۆ پاراستنی خەڵکی عێراقە لە دەسدرێژی ڕژێم ، ووتوویانە ( ئێمە بریاری ٦٧٨ بە گرنگ ئەزانین چونکە ئەو بریارە چەکە کۆمەڵکوژەکان ئەگرێتەوە و ئەوەش بۆ ئەورووپا و جیهان بایەخی هەیە ) واتە ئەوان بریاری ٦٨٨ یان لا گرنگ نیە .

ئەوەندەش کە بگەرێتەوە سەر شێوەی سیستمی سیاسی داهاتووی عێراق و مافەکانی گەلی کورد و زەرووڕەتی بنەبرکردنی پاشماوەکانی ٣٤ ساڵ لە سیاسەتی جینۆسایدی قومی ڕژێمی بەعس لە کوردستاندا ، یا زەمانەتی دووبارەنەبوونەوەی ناوەرۆکی هەمان سیاسەت لەلایەن دەسەلاتدارانی سبەی ڕۆژی عێراقەوە بەتایبەتی ئەوانەی کە لە ئاستی عێراقدا ئەمریکا بۆ جێنشینی بەعس ئامادەیان ئەکا ، جا بەهەمان شێوە بێ یا بە شێوازی تر و لە ژێر بیانووی تازەدا ، یا لەبەرانبەر مەترسی و هەرەشەکانی ڕژێمی فاشی تورکیا لە دژی گەلی کورد لە کوردستانی عێراقدا کە تەنانەت شاردنەوەی مەرامە گلاوەکانیان بە پێویستیش نازانن ، ئەمریکا لە بەرانبەر ئەوانە و زۆر مەسەلەی تردا نەک هیچ زەمانەت و ڕێگەیەک و چارەیەکی باس نەکردووە ( تەنانەت بە شکلیش ) بەڵکوو لە ژێر پەردەی ئەوەی ( کە ئەوە مەسەلەی خەڵکی

عێراق خۆیانە و لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆن لەسەر چی ببڕنەوە ئێمە پشتیوانیان ئەکەین ) ، هەمیشە خەریکی دڵنەوایی تورکیا و دانی بەڵێن بووە پێ ی کە لەوبارەوە نیگەران نەبێ . جگە لەوەش ئەمریکا باش ئەزانێ ئەو لایەنانەی ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی تەنانەت ئامادەی ئەوە نین ئەو ئیمتیازاتەش قبووڵ بکەن کە یەکێتی و پارتی لەژێر ناوی فیدرالیەتدا بۆ حیزبەکانی خۆیان داوای ئەکەن و ئەوەش یەکێک لە هۆ سەرەکیەکانی ناتەبایی تا ئێستای ئەوانە ، جا ئیتر چۆن وا بە ئاسانی دان بە مافەکانی گەلی کورد و هەڵبژاردنی ئازادانەی چارەنووسی ئەواندا ئەنێن.

هەموو کەسێک کە تاقیبی فایلی عێراق مەسەلەی کوردو سیاسەتی ئەمریکا بکا بۆی پرسیارە کە: هەڵوێستی ڕەسمی ئیدارەی ئەمریکی بەڕۆشنی لەسەر مەسەلەی کورد و نەک هەر دوایی هێنان بەهەموو ئەو چەوسانەوەیەی بەسەریدا سەپێنراوە بەڵکوو ڕیشەکێش کردنی پاشماوەکانی ٣٤ساڵ جینۆساید و زوڵمی قومی چی یە ؟ سیغە و شێوازی عملی و گونجاو بۆ دابینکردنی یەکسانی لە نێوان گەلانی عێراقدا چی یە و ئەمریکا لەو بارەوە بەڵێنی چی بە گەلی کورد داوە تا بیسەلمێنێ کە ( ڕزگاری کەری گەلی کورد ) ە و ئەو خەمخۆریەی بۆ کەی هەڵگرتووە کە جەلال تالەبانی باسی ئەکا ؟.

www.kurdistannet.org 9-9-200

گەر تالەبانی بەناوی گەلی کوردەوە لەگەڵ ئەواندا بڕاوەتەوە ئایا سادەترین مافی خەڵکی کوردستان نیە کە بزانن لەسەر چی بڕاونەتەوە تا ئامانیش ئەو ( خەمخۆر و ڕزگاری کەرە ) باشتر بناسن و ئەمانیش سوپاسگوزاری بن ؟ یا ئەوەتا ئەو خەمخۆریە ڕووی مەجلیسی نیە و کەڵکی باسکردنی نیە و با جارێ وەکوو ڕاز بمێنێتەوە ؟ لە ١٠ ساڵی ڕابووردوودا جگە لە بەڵێنی ( پاراستنی باکووری عێراق لە پەلاماری سەربازی ڕژێم ) کە ئەوەش درۆیەک بووە و هیچی تر و ٣١ ی ئاب و تەراتێنی هەموو ڕۆژەی لەشکری تورکیای ئەندامی ناتۆ و دۆستی نزیکی ئەمریکا وهەڕشە و تیرۆریزمی هەمیشەیی پاسدارانی ئێرانی وهێزە ئیسلامیە بەکرێگیراوەکانی سەر بەوان و پەلامار و هەڕەشە هەمیشەییەکانی ڕژێم لە ناوچەکانی هەولێر و کەرکووک و چەمچەماڵ و کفری و دەرکردنی زیاتر لە١٠٠٠٠٠ کەسی خەڵکی کورد لە شارەکانی ژێردەسەلاتی ڕژێم و ......هتد ، ئەمریکا چ هەڵوێست و کاردانەوەیەکی گرتۆتەبەر ؟

جگە لەوەش ئایا ئامادەکردنی لایەنی سیاسی کۆنەپەرستی وەکوو (ئەنجوومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لە عێراق ) وەکوو هێزی سەرەکی ئۆپۆزیسیۆن بۆ جێنشینی ڕژێمی سەدام لەلایەن ئەمریکاوە ، کە تەنانەت ئامادە نیە دان بە فیدرالیەتەکەی یەکێتی خۆشیدا بنێ ، ئەوە جگە لە ڕێزدانان بۆ هەر بڕیارێک کە گەلی کورد سەبارەت بەچارەنووسی خۆی بیدا ، جێگەی مەترسی نین بۆ گەلی کورد ؟ ئایا تەنانەت زۆرێک لەو دەسکەوتانەی کە گەلی کورد هەر ئێستا لێیان بەهرەمەندە و بەقوربانی زۆر بەدەستی هێناون لەبەردەم ڕەشەبای مەترسیەکی گەورەدا نین ؟ ئایا لایەنێکی وەکوو ( ویفاقی نیشتمانی عێراقی ) کە قیادەکانی لە کۆنە بەعسیەکانی ٦٣ ن کە زنجیرەی کاولکردنی کوردستان لەسەر دەستی نموونەی وەکوو ( ئەیاد علاوی ) ی سەرکردەیان دەستی پێکرد جێ ئومێد و هیوای ڕزگاری گەلی کوردن ؟ ئەوانە و وورووژاندنی دەیان پرسیاری تری پڕ لە نیگەرانی لەم کاتەدا نەک پێویست بەڵکوو ئەرکی هەموو کەسێکە کە کە بەڕاستی خەمخۆری خەڵکی کوردستان بێت . ئەوانە هەڵهێنجراوی ئایدیۆلۆجی منی کۆمۆنیست نین بەڵکوو ترس و دڵەڕاوکێ ی هەر ئێستای زۆرترین خەڵکی کوردستانە لەم وەرچەرخانەدا کەبەڕێوەیە .

ئەو ترس و دڵەڕاوکێیەی خەڵک کاتێک زەقتر ئەبنەوە کە ئەبینن نە هیچ چوارچێوەیەکی عملی ڕێکخراو هەیە کە نیگەرانیەکانیان تیایدا دەربڕن و نەسەرانی حیزبە قومیەکانی کوردستان هیچ یەک لە ڕاستیەکان بەبێ تویکڵ ئەخەنە بەردەست خەڵک تا بتوانن حساباتی خۆیانیان لەسەر بنیات بنێن .

بەوپێ یە ئێستا خەڵکی کوردستان کە ماددەی سەرەکی ئەم ئاڵوگۆڕانەن نازانن لەواشنتن و لەمیانەی ڕێکەوتنەکانی یەکێتی و پارتی و ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی و ئەمریکادا چی گوزەراوە و کەس حساب و پرسێکی بەوان نەکردووە . کەس گوێ ی لەوان نەگرتووە و هیچ لایەنێکی بەشدار لەو کۆبوونەوانەشدا بە ڕەسمی ئاکامەکانی بەخەڵک ڕانەگەیاندووە و یەکێتی و پارتیش لە قسە نارەسمیەکانیاندا شتی جیاواز ئەگێڕنەوە لەسەری .

www.kurdistannet.org , 9-9-200

لەپاڵ گشت ئەوانەشدا گەلی کورد بۆیە بڕیاری بێ گەڕانەوەی داوە بۆ نەگونجانی پێکەوەژیان لەگەڵ بەعسدا ، چونکە ئەو ڕژێمە جگە لەوەی سیاسەتی سووتانی تەڕ و ووشکی دەرهەق بەوان جێبەجێ کردووە ، هاوکاتیش بەعس دوژمنی سەرسەختی ئازادیە فەردی و سیاسیەکان و سادەترین مافی سروشتی ئەوان بووە . جەماوەری خەڵکی کوردستان لەسایەی هەژاری و برسیەتیدا ، لەسایەی نەبوونی هەموو جۆرەکانی خزمەتگوزاریە کۆمەلایەتیەکاندا دەژیان لە وولاتێکی پڕ لەسەروەت و ساماندا .شان بەشانی باقی خەڵکی عێراق بێبەش بوون لە سادەترین مافی دیموکراتی وەکوو مافی مانگرتن ، هەڵبژاردن ، خۆپیشاندان ، پێکهێنانی ڕێکخراوەی سیاسی و پیشەیی ، مافی هەڵبژاردنی شوێنی ژیان و نیشتەجێ بوون ، مافی دابینکردنی لانی کەمی پێویستیەکانی ژیان . ژنانی کوردستان جگە لەوەی وەکوو سەرجەم گەلی کورد بە هۆی سیاسەتی ئیبادەی قومیەوە زۆرترین تالاویان ئەچەشت ، بێبەش بوون لە سادەترین مافی ژنانی ئەمڕۆی دنیا و تەنانەت لەچاو وولاتانی دەوروبەریشدا . منالانی کوردستان بەهۆی هەژاری خێزانەکانیانەوە نەک هەر بێبەش بوون لە ژیانێکی تێروتەسەڵ و خوێندن و هۆیەکانی ژیانی سەردەم بەڵکوو بەدەیان هەزار منال لەجادەکاندا پەرتەوازە ببوون و خەریکی یارمەتیدانی خێزانەکانیان بوون بۆ پەیداکردنی بژێوی ڕۆژانەی مەمرەومەژی .

ڕژێمی بەعس ڕەمز و پارێزەری ئەو بارودۆخە بوو کە پێم وایە گۆشەیەکی زۆر کەمیم باسکرد . ئەو بارودۆخەی پێشوو لەنەوەتەکانەوە تا ئێستا ئاڵوگۆڕی جۆراوجۆری بەسەرداهاتووە .
سێبەری ڕژێمی زیندان و سێدارە و ئەنفالی بەعس لە زۆربەی کوردستاندا نەماوە و ئەوە پێش هەر شتێک خالێکی ئیجابی و دەسکەوتێکی گەورەی خەباتی خەڵکە بەلام باردودۆخی ژیان و گوزەرانی زۆربەی گەلی کورد بەتایبەتی کرێکاران و ژنان و منالان و توێژە دەسکورتەکان و ئاوارەکان هەروا بە دژواری ماوەتەوە و لەولاشەوە سەرمایەداری کورد هەرچی زیاتر دەوڵەمەدتربوون و تەنانەت توێژێک سەرمایەدار و دەوڵەمەند و مافیای مالی حیزبی و بیرۆکراتی نوێش سەریان هەڵداوە .چەندین هەزار ژن بە بیانووی زۆر کۆنەپەرست کوژراون .

سێبەری شوومی ئیسلامیەکان و تیرۆر و هەڕەشەیان مۆتەکەیەکن بەسەر خەڵکی ئازادیخوازەوە . ژیان و گوزەرانی منالانی هەژار هەروەک خۆی بەسەختی ماوەتەوە . داهات و سەروەتی ئابووری کوردستان لەلایەن هەردوو حیزبی دەسەلاتدارەوە دەستی بەسەرداگیراوە و بە پێچەوانەی هەموو وولاتانی تەنانەت دواکەوتووی دنیاش هیچ ئۆرگانێکی یاسایی شکڵیش نیە بۆ ڕەقابەت بەسەر دارایی مەملەکەتەوە و هیچ سنوورێک دیار نیە لە نێوان ئابووری و سەروەتی

گشتی و سامانی هەردوو حیزب و لێپرسراوەکانیان . مافیای ئابووری لێپرسراوانی حیزبی هەموو شتێک هەڵدەلووشێ و هیچ ڕەقیب و ئۆرگانێک بەسەریدا چاودێر نیە . تورکیا و ئێران هەر کات بیانەوێ تا قووڵایی خاکی کوردستان دێنە ناوەوە . ئەو دەسکەوتانەی خەڵک بە قوربانی زۆر بەدەستیان هێناون لە بواری وەک دەرکردنی ڕژێم و ئەندازیەیەکی دیاریکراو لە مافی و ئازادی دەربڕین هیچ زەمانەت و پشتیوانەیەکی یاسایی و حقووقیان نیە لەبەردەم ڕەشەبای ئارەزووی هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار و داخوازیە لەبن نەهاتووەکانی تورکیا و ئێران و عێراق لە دوو حیزبی ناوبراو . دڵنەوایی هێزە ئیسلامیەکان و لایەنە شۆفینیە تورکمانەکان و ئیمتیازپێدانیان لە ڕەوتی کێشەی نێوان یەکێتی و پارتیدا دەوری سەرەکی بووە لە بوونیان بە دوومەڵێک بەناوچەوانی خەڵکەوە . منافسە لەسەر دەسەڵاتی حیزبی و هۆ و پاڵپێوەنەر و ڕیشە و شوێنەوارەکانی شەڕیماڵوێرانکەری یەکێتی و پارتی هەر وەکوو خۆیان ماون و....... هتد .

www.kurdistannet.org 9-9-200

لێرەدا پرسیارەکە لە سکرتێری گشتی یەکێتی نشتمانی ئەوەیە : ئایا ئەمانە دیاریەکانی ئەمریکای ڕزگاری کەری کوردن ؟ یا سەرکوتی ڕاپەڕین بە ئیعازی هێزە زەبەلاحەکەی ئەمریکا کە ئەو کات لە خوارووی عێراقدا مۆڵیان خواردبوو ؟ یا ئەو ئاوارەییەی کە تا ساڵەهای ساڵ برینەکانی سارێژ نابنەوە کە ئاکامی ڕاستەوخۆی ئەو سەرکوت و (تواطوء) ەی ڕژێم و ئەمریکابوو ؟ ئایا لە سیناریۆی سیاسی ئەمریکای دۆست و خەمخۆری گەلی کورددا بۆ سبەی ڕۆژی عێراق جوابی ئەوانە و دەیان کێشەی تر چی ئەبن ؟ ئایا ئەوە دووڕوویی ئەمریکا نیشان نادا کە لەلایەکەوە مێشکی هەمووانی کەڕکردووە سەبارەت بەبەربەرەکانێ لەگەڵ تیرۆریزمی ئیسلامیدا بەلام بۆ گیانی گەلی عێراق بەکورد و عەرەبیەوە دەست بەپشتی ( ئەنجوومەنی باڵای شۆرشی ئیسلامی ) یەوە ئەگرێ کەبەئاشکرا لەبەرنامە و سیاسەتەکانیدا بانگەشە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیسلامی ئەکا و جەلال تاڵەبانیش دەستی هاوپەیمانی ئەخاتە ناودەستیان ؟ ئایا ئەمریکا سەبارەت بە تازەترین هەڕەشەکانی سەباح چەقماقی وەزیری بەرگری تورکیا لەدژی گەلی کورد چی هەڵوێستێکی وەرگرت ؟

ئەوانە و دەیان پرسیاری بەهەق و ڕەوای تر ڕێک پێچەوانەی ئەو قسانەن کە سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانی ئەیەوێ مەرامەکانی ئەمریکای پێ بشارێتەوە . لە شوێنێکی تری هەمان چاوپێکەوتندا تاڵەبانی ئەڵێ : ( نیزامی نێونەتەوەیی نوێ پێویستی بەلەناوبردنی دیکتاتۆریەتە ) .
ڕاستیەکەی ئاکامی زیاتر لە ١٠ ساڵ هات و هاواری ئەمریکا سەبارەت بە بەرەکەتەکانی نیزامی نوێ ی دنیا لەوە زەقترن کە بە جەلال تاڵەبانی پەردەپۆش بکرێن . دەیان نووسەری وەکوو فۆکۆیاما و هێنتێنگتون و سەدان دام ودەزگای سەربەئەمریکا لەو هەوڵەیاندا نوشوستیان هێنا کە ئەو نیزامە تەسویق بکەن و خەڵکی پێ کوێر بکەن . ئەمڕۆ لەسایەی بارودۆخێکدا کە ستراتیجی نیزامی نوێ ی دنیا پێکی هێنا ، شەڕ و کۆشتار ، هەژاری و برسیەتی ، سەرکوت و نائەمنی ، ڕاستڕەوی و ڕاسیزم و فاشیزمی نوێ ، فەسادی مالی و ئیداری ، نەک هەر لە وڵاتانی جیهانی سێیەم و ئەورووپای ڕۆژهەلات ، بەڵکوو بووە بەدیاردەی باوی وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژئاوا و ئەمریکا خۆشی . هەر کەسیش بیەوێ زانیاری ووردتری لەوبارەوە دەست بکەوێ با بڕوانێتە ڕاپۆرتەکانی ئەمنیستی و یۆنیسێف و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان .

جەلال تالەبانی بۆ مەرامی سیاسی تایبەت بە حیزبەکەی دەستی داوەتە پاکانەکردن بۆ سیاسەتێک کە ئەمریکا خۆی بەئاسانی پاکەنەی پێناکرێ بۆی . هەر ئەمڕۆ لەناو ئەمریکادا بە پێچەوانەی خۆشباوەریەکانی ١٠ ساڵ لەمەوبەر ، ڕۆژ نیە دەیان ووتار و کتێب نەنووسرێ و دەیان نارەزایەتی بەرێ نەخرێ لەدژی ئاکامە هەمەلایەنەکانی ئەو نیزامە نێونەتەوەییەی جەلال تالەبانی پێ ی دەلێ : ( دیکتاتۆریەت لەناو ئەبات ) . ئەی ڕاپەڕینی ١٩٩١ ی عێراق و کوردستان بۆ لەناوبردنی بەدناوترین دیکتاتۆریەت نەبوو ؟ جگە لە ئەمریکای هەڵگری ئالای نیزامی نوێ ی جیهانی کێ پشتی دا بەعەرزدا ؟ ئەی ئەو کوشتارە ڕۆژانەیەی لەفەلەستین ئەکرێ بەشێک و پێویستیەکی ڕاستەوخۆی هەمان نیزام نین و بە سەرپەرشتی و پشتیوانی ئەمریکا ئەنجام نادرێن ؟ ئەی ١٩ ساڵی دەسەلاتی ڕەشی ئیسلامیە مجاهیدەکان و دواتر تاڵەبان دەرهاویشتەی ڕاستەوخۆی ئەو نیزامە نەبوون ؟ ئەی دیکتاتۆریەتی سعودیە و شێخ نشینەکانی مەڵبەندی دەسەڵات و نفووزی ئەمریکا چی ؟ فاشیەتی تورکیای ئەندامی ناتۆ و دۆستی ئەمریکا چی کە یەکێ لە قوربانیە هەمیشەییەکانی گەلی کوردن کە خەمخۆری وەکوو ئەمریکایان هەیە ؟ ئەی دیکتاتۆر و مافیا دەسەڵاتدارەکانی وولاتانی سەر بە سۆڤیاتی جاران و دۆستی ئەمریکا و نیزامە نوێ جیهانیەکەی چی ؟

www.kurdistannet.org 9-9-200

هەرکەس تۆزقاڵێک ئاگای لەئاڵوگۆڕەکانی دنیا و ناوچەکە هەبێ ئەزانێ دینەمۆی سیاسەتەکانی ئەمریکا و دەستێوەردانی لەکاروباری دنیادا ، دیموکراتیەت نیە . عێراقیش نەک هەر لەو ڕێسایە بەدەر نیە بەڵکوو یەکێک لەنموونە زەقەکانیەتی . مەسەلە پاوانکردنی دنیا و کۆنترۆڵکردنیەتی لەلایەن ئەمریکاوە . ئەوە پێوەری ئەسڵیە بۆ ئەمریکا جا سعوودیە چی ئەکا و نیزامی فلیپین چۆن خەڵکی ئەو ووڵاتە سەرکوت ئەکا و تورکیا چ دیکتاتۆریەتێک بەرپائەکات و پاکستان چۆن بە شێوەی چەرخەکانی ناوەڕاست حوکم ئەکا ئەوە مەسەلەی سەرەکی ئەمریکا نیە .

بەوپێیە گێڕانەوەکانی جەلال تالەبانی سەبارەت بەوەی کە لەکۆبوونەوەکانی ٦ لایەنی ئۆپۆزیسیۆنی عێراقیدا ( گوێیان لە ئیدارەی ئەمریکی بووە کە ووتوویانە ئەبێ ئاڵوگۆڕ لە عێراقدا بە شێوەی دیموکراتی بێ و دیکتاتۆرێک نەخرێتە جێ ی دیکتاتۆری ئێستا ) ناتوانن یەک زەرڕەش ترس و دڵەڕاوکێ ی خەڵکی عێراق برەوێننەوە سەبارەت بە سیستەمی داهاتووی عێراق و سیناریۆی ئەمریکی لەو بوارەدا .

جەلال تالەبانی خۆی لە شوێنێکی تری قسەکانی دا بە پێچەوانەی ئەوانەی پێشووەوە ئەڵێ : ( ئەمریکا پشتی لە خەڵکی عێراق کرد ) و دیارە مەبەستی هەڵوێستی ووڵاتی ناوبراوە لە کاتی ڕاپەڕینی ١٩٩١ دا .

تالەبانی لە درێژەی قسەکانیدا دێتە سەر لایەنێکی تری بارو دۆخی ئەمڕۆی عێراق و ئەو سیناریۆ جیاوازانەی کە ئەمریکا تاووتێیان ئەکا بەمەبەستی گۆڕینی ڕژێمی دەسەڵاتداری بەغدا و ئەڵێ : ( ئەمریکیەکان بڕیاریان داوە کە ڕژێمی عێراق بگۆڕن و لەسەرکاری لابەرن ) . هەر لەدرێژەی ئەو قسانەدا ئەڵێ : ( چەندین سیناریۆ لەبەردەستدان بۆ بەدیهێنانی ئەو ئاڵوگۆڕە وەکوو هێرشی سەربازی یا پشتیوانی لەکۆدەتایەکی سەربازی یا لێدانی ئاسمانی بەمەبەستی کارئاسانی بۆ هێزە چەکدارەکانی عێراق تا بتوانن کۆدەتایەک ڕێکبخەن یا سیناریۆی پشتیوانی ئۆپۆزیسیۆن تا ئەوان بەوکارە هەڵسن و سیناریۆیەکی تریش ئەوەیە کە ئەمریکا لەگەڵ دەوڵەتەکانی ناوچەکەدا ڕێک بکەوێ بۆ بەدیهێنانی ئەو ئاڵوگۆڕە پێویستانە ) .

ئەو قسانە گومانێک ناهێڵنەوە سەبارەت بەشێوە و ناوەڕۆکی ئاڵوگۆڕێک کەلەسەر مێزی ئیدارەی ئەمریکی دایە سەبارەت بە عێراق . شێوەی ئاڵوگۆڕەکان و ئەو سیناریۆیانە ڕەنگدانەوەی سیاسەت و نەخشەیەکن کە لەپشتیانەوە وەستاون . تا ئێستا لە هیچ شوێنێکی دنیادا دیموکراتی و ئازادی گەلان لەڕێ ی کۆدەتای سەربازی و داگیرکردنی دەرەکیەوە نەهاروونەتەدی . نموونەی شیلی و سلفادۆر لە ئەمریکای لاتین ، نموونە کۆن و نوێکانی وولاتانی جیهانی سێیەم و نموونەی کۆدەتا ( سپی !! ) یەکەی بەعس لە ١٩٦٣ و ١٩٦٨ پەردەیەکی ئەستوور ئەدەن بەسەر ئەو ڕستەیەی ماوەیەک بوو جەلال تاڵەبانی دووپاتی ئەکردەوە و ئەیووت : ( ئێمە نامانەوێ دیکتاتۆرێک بگۆین بە یەکێکی تر ! ) .

www.kurdistannet.org 9-9-200

بەدیاریکراوتریش چاری مەسەلەی کورد لە عێراقدا پێویستی بەدیموکراتیزەکردنی بارودۆخی سیاسی عێراق هەیە لە ڕەگ و ڕیشەوە . نەک تەنها نموونەی دەسەڵاتی دیکتاتۆری ڕەشی وەک بەعس کە سیاسەتی ئیبادەی قومی بەتووندترین شێوازی لەدژی گەلی کورد بەکارهێنا ، بەڵکوو تەنانەت نیزامی نیشتمانی دوای ١٤ ی تەمموزیش بەو هۆیەوە کە بڕوای بەدەسەڵاتی خەڵک نەبوو و ئەو دەسەڵاتەی لەوان زەوت دەکرد ، نەیتوانی چاری مەسەلەی کورد بکات .

ئاشکراشە ئاڵوگۆڕێک بەو جۆرە بێ کە جەلال تاڵەبانی خۆی باسی ئەکا و سیاسەت و مەرامێک کەلەپشتی نەخشەکانی ئەمریکاوە لە عێراقدا بەو ناوەڕۆکەوە بن کە بۆ هەمووان ئاشکران ، ناتوانن و نیازیان نیە دیموکراتی بکەن بە سیستم و شێوازی ژیانی سیاسی لە عێراقدا و هەر بۆیەش مەسەلەی کورد و باقی مەسەلەکانی پەیوەندیدار بە ئازادی و دیموکراتی و مافەکانی خەڵکی عێراقەوە بەچارەسەرنەکراوی ئەمێننەوە . دیارە لێرەدا کرۆکی مەسەلەکە سەبارەت بە ( چاری ڕەوای مەسەلەی کورد ) ە وەکوو مەسەلەیەکی مەوزووعی بە مانای پاکتاوکردنی پاشماوەکانی لانی کەم ٣٤ ساڵ لە سیاسەتی ئیبادە و تواندنەوەی قومی و ساڕێژکردنی زامەکانی جەستەی خەڵکی کوردستان کە ئەم لایەنەیان ڕووی لە ڕابووردووە و هاوکاتیش زامنکردنی یەکسانی و مافی هەمەلایەنەی گەلی کورد بۆ هەڵبژاردنی جۆری چارەنووسی سیاسیان بەشێوازێکی ئازادانە و بەبێ هیچ زەخت و زۆرێک ، کە ئەم لایەنەیان ڕووی لەداهاتووی مەسەلەکەیە .

ئەبێ ئەوانە لە زنجیرەیەکی دوورودرێژی هەنگاو و بڕیار و یاسا و سیاسەتدا ڕەنگ بدەنەوە کە تایبەتمەندی ئەو هێزە سیاسیانەی خۆیان بۆ جێنشینی سەدام و ڕژێمەکەی ئامادە ئەکەن و بەلەبەرچاوگرتنی ناوەڕۆکی ئەو مەرامانەی ئەمریکا بۆ داهاتووی عێراق تاقیبیان ئەکا وەکوو ئاو و ئاگر ناکۆکن لەگەڵ ئەو ئاوات و داخوازیانەی خەڵکی کوردستاندا .

خۆ ڕەنگ بێ سبە ڕۆژ ٤ _ ٥ کەس لەسەرکردایەتی پارتی و یەکێتی بکرێن بە وەزیر یا دەسەڵاتی ئیداری شارەکان بدرێنە دەستی دوو حیزبی ناوبراو و ئەنجوومەنێکی یاسادانان و بەڕێوەبردنی ناوچەیی لە لایەنگرانی ئەوان پێک بێ و کۆمەڵێک ئاڵوگۆڕی تر بکرێن و ترش و خوێ بکرێن بەهەندێ ئیمتیازاتی سیاسی و مالی تر کە بەوان بدرێن و لە ڕوانگەی یەکێتی و پارتیەوە ئەوانە ناو بنرێن ( دابین کردنی مافەکانی گەلی کورد ) . بەڵام ئەوانە شتێکن و مافەکانی گەلی کورد و بنەبڕکردنی سەرچاوەکانی چەوسانەوەی قومی و بەدیهێنانی یەکسانی

سیاسی و یاسایی نێوان گەلی کورد و باقی گەلانی عێراق و زەماناتی جێبەجێکردنیان شتێکی تر و جیان لەیەک . لە کۆتاییدا گەر جەلال تاڵەبانی پێ ی وایە کە ئەمریکا سەرباری ڕازی بوون یا ڕازی نەبوونی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی شەڕێکی تر لە عێراقدا بەو ئامانجانەوە هەڵئەگیرسێنێ کە باسمان کرد ، ( کە منیش پێم وایە ) ، ئەوە گەلی کورد ئەتوانن بەرەی سەربەخۆی خۆیان جیا بکەنەوە و گەر نەتوانن پێش بەو شەڕە بگرن ئەکرێ هەڵوێستێکی دیکە بگرنە بەر.

ناوەڕۆکی ئەو هەڵوێستە کە ئەتوانی بەشێک لە داخوازیەکانیان دابین بکات پێش گشت شتێک و هاوکات لەسەر پێداگرتن لەسەر ئەستەی بوونی پێکەوە ژیان لەگەڵ ڕژێمی بەعسدا بەرژەوەندی گەلی کورد لەوەدایە کە ئەو مەرامەی ئەمریکا بناسێ و نەبێ بە هێزی زەخیرەی ئەو تەماعانەی ئەو و بە ( خەمخۆر و ڕزگاری کەری نەزانێ ) . پێویستە خەڵکی کوردستان جارێکی تر بە درۆکانی ئەمریکا فریونەخۆن و بەرەی خۆشیان لەگەڵ ئەوانەدا جیابکەنەوە کە پاکانە بۆ ئەو مەرامانەی ئەمریکا ئەکەن کە تاڵەبانی تەنها یەکێکیانە . دووبارەبوونەوەی ڕووداوەکانی مێژوو تراجیدیەکی تاڵن !

www.kurdistannet.org 9-9-200

پاشانیش لەهەر ئاڵوگۆڕێک و ڕووخانی ڕژێمدا ڕێ بگرن لە جێگیربوونەوەی ئەو بدیلەی کە ئەمریکا سازی ئەدا بۆئەوەی بیسەپێنێ بەسەریاندا و پاسدارەکانی ( ئەنجوومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی ) بە دۆست و هاوپەیمانی گەلی کورد نەزانن . گەلی کورد ئەتوانێ بە سوودوەرگرتن لە تاقیکردنەوەی ١٠ ساڵی ڕابووردوو و بە تووڕدانی ئەو خۆشباوەڕیانە نەک هەر دەسکەوتەکانی ئێستای بپارێزێ بەڵکوو پێدابگرێ لەسەر زۆرترین ماف و داواکاری خۆی و لەوەش زیاتر بەدیهێنانی ئاڵوگۆڕی قووڵ لە ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتیاندا بە تایبەتی بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی ئەو سیستەمە تازەیە لەرزۆک ئەبێ و سەدان ناکۆکی و گیروگرفتی سیاسی و مێژوویشی بە میرات بۆ ئەمێنێتەوە کە زەحمەتە توانای چارەکردنیانی هەبێ .
سەرجەم ئەوانەش ، جگە لەو پێشمەرجە سیاسیانەی کە باسم کردن ، پێویستیان بەوەیە کە جەماوەری خەڵکی کوردستان ڕیزەکانی خۆیان لە چوارچێوەی جەماوەری سەربەخۆدا و گونجاودا ڕێکبخەن .

دۆستی گەلی کورد نە ئەمریکا و نە ئێران و نە تورکیا و نە ئەنجوومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی عێراق و نە ویفاقی ئەیاد عەللاوی نە نزار خەزرەجی و نە وەفیق سامەڕاییین ، بەڵکوو دۆست و هاوخەم و هاوچارەنووسیان جەماوەری ملیۆنی خەڵکی عێراقن کە هەمان تاڵاو ئەچێژن و ئەوانیش بۆ عێراقێکی ئازاد و یەکسان و بەختەوەر تێ ئەکۆشن . عێراقێک کە نەقومی بێ و نە ئیسلامی . عێراقێکی سکۆلار و مۆدێرن و پێشکەوتنخواز . تاقیکردنەوەی ٥٠ ساڵی ڕابووردووی گەلی کورد لە عێراقدا ئەوەی سەلماندووە و بواری داوە کە دۆست و دوژمنی خۆی بناسێ و بەرەی هاوخەبات و هاوچارەنووس و ڕێگەی سەرفرازی هەڵبژێرێ نەک ئەو بەرەیەی کە جەلال تاڵەبانی بانگەوازیان ئەکا بۆی .

تێبینی / هێشتا مەرەکەبی ئەو قسانەی سەرەوەی جەلال تاڵەبانی وشک نەبوبۆوە ، لە گفتوگۆیەکدا لەگەڵ سی ئێن ئێنی تورکیادا . ڕایگەیاند کە ( گەلی کورد بە چەپکە گوڵەوە پێشوازی لە سوپای تورکیا دەکەن ئەگەر بۆ پشتیوانیکردنیان بێت ) . ئایا ئەمەش پێویست بە هیچ تەعلیقێک ناکات ؟!

ئەحمەد معین

سەرەتای ئەیلوولی ۲۰۰۲

www.kurdistannet.org   9-9-200